(گوڵان) شارۆچکەی کۆیە بەسەردەکاتەوە..

# کەرتی تەندروستی پێویستی بەئاوڕ لێدانەوەیە

**کۆیە لەساڵی ١٩١٨ بۆتە قەزاو ناحیەکانی (شۆڕش و سیکتان و ئاشتی و تەق تەق و سێ گردکان) و نزیکەی ٢٠٠ گوند لەخۆدەگرێت، بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و گەشتیاری و بازرگانی دادەنرێت و خاوەنی سامانێکی سروشتی زۆری نەوتی خاو و ئاوە.**
**قشڵەو قەیسەریی و شوێنەوارەکانی دیکەی کۆیە بەڵگەن بۆ کۆنی و گرنگیی ئەم قەزایە، کۆیە کە ئێستاکە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٥٣ هەزار کەسە لە کاتی خۆیدا و پاش ڕاپەڕینیش گرنگیی پێنەدراوەو کەموکوڕی و کێشەی زۆری لە کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا هەیە، تەنانەت ئەو پڕۆژانەی کە بڕیاریشە جێبەجێ بکرێن لەکاتی خۆیدا تەواو نابن، هەربۆیە ئەم قەزایە گرفتێکی گەورەی لەگەڵ پڕۆژە تەواونەکراوەکاندا هەیە؛ ئەوەتا ١٠ ساڵە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی کڵێسەی تەواو نەبووە، هەروەها کەموکوڕی و کێشەیان لە بوارەکانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و کەرتەکانی پەروەردەو تەندروستی هەیە، لەسەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) بۆ کۆیە؛ ئەو کەموکوڕی و گلەییانەی خەڵکەکەو چەند پرســیارێکی دیکەمان ئاراســتەی چاپوك عومەر قایمقامی قەزای کۆیە کرد؛ کە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.**









# هاووڵاتییانی کۆیە..
# نەخۆشخانەکەمان لەبواری پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەتان کەموکوڕی زۆری هەیە

سەبارەت بەکەموکوڕی و گرفتی خزمەتگوزاری لە گەڕەکەکانی (حاجی قادرو قەڵات و بایز ئاغا و فیدراڵی و ئازادی و ناو بازاڕی سەرکیی شارۆچکەکە..) چەندین هاووڵاتیمان دواند، کە هەر هەموویان گلەییان لە کەمی و خراپی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەبوو، لەمبارەیەوە هاووڵاتی سلێمان فوئاد لە گەڕەکی حاجی قادر ئاماژەی بەبوونی ئەم کەموکوڕییانە کردو گوتی: لەم قەزا گەورەیەدا کەموکوڕیی خزمەتگوزاریی زۆرمان هەیە، ئەوەتا ڕێگاو شەقام و کۆڵانەکانمان وێرانن و پێویستیان بە هەڵمەتێکی قیرتاوکردن هەیە، هەروەها لە بواری دابینکردنی ئاوی خواردنەوەشدا گرفتمان هەیە، لە ڕۆژێکدا تەنیا یەك کاتژمێر ئاوی خواردنەوەمان هەیە، پرۆژەی ئاوی کلێسەش ماوەی ١٠ ساڵە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراوە. هەر سەبارەت بەخراپیی شەقام و کۆڵانەکان لە گەڕەکی فیدراڵی هاووڵاتی قاسم ئەحمەد ئاماژەی بەوەکرد کە لەبەر خراپی کۆڵان و شەقامەکان زستانان بەزەحمەت منداڵەکانمان لەناو ئەو قوڕولیتەیە دەربازیان دەبێت، لەلایەکی دیکەیشەوە تۆڕی ئاوی خواردنەوەی زۆربەی گەڕەکەکانی کۆیە کۆن بوونە، هەربۆیە پێویستە نۆژەن بکرێنەوە . ئەم هاووڵاتییە ئاماژەی بەخراپی ڕەوشی تەندروستیش لەقەزاکەیان کردو لەم ڕووەوە ڕوونی کردەوە کە بۆ پشکنین و چارەسەرکردنی نەخۆشیی زیاتر سەردانی شاری هەولێر دەکەن، چونکە نەخۆشخانەکەیان لەبواری پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتان کەموکوڕیی زۆری هەیە.

لە گەڕەکی هاموونیش کە پێشتر شوێنی حەساری بەخێوکردنی مەڕوماڵات بووەو ئێستا ئاوەدانکراوەتەوە و بۆتە گەڕەك، بەڵام لەزۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێ بەشە، لەم ڕووەوە هاووڵاتی عەبدولکەریم قادر گوتی: گەڕەکەکەمان لە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و شۆستە و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان بێ بەشە تەنانەت بەسۆندە ئاوی خواردنەوەمان ڕاکێشاوە، بەڵام لەبەر نەبوون و کەمی ئاو هەفتەی یەك جار بە تانکەر ئاومان بۆ دێت، داواکارین لە قایمقامییەتی کۆیە چارەسەرێکی بنەڕەتیمان بۆ بدۆزنەوە. هەر لەم گەڕەکەو سەبارەت بەهەمان کێشە خاتوو حەلیمە جەختی لەوە کردەوە کە ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆو شۆستە لە گەڕەکەیان نییە و، شەقام و کۆڵانەکان قیرتاو نەکراون و سەرتاپای قوڕو لیتەیە، هاوکات نەخۆشخانەی کۆیە هەموو پشکنین و داودەرمانێکیان نییە، هەربۆیە بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدانی نەشتەرگەری ڕەوانەی هەولێریان کردم، ئێستاکەش باوکم نەخۆشەو بەمەبەستی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێری دەبەم، لەبەر ئەوەی سەردانی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی کۆیە تەنیا ماندووبوونەو هیچی دی.

نەبوونی خزمەتگوزاری و سەختی بارو بژێوی گوندنشینەکانی کۆیە واقیعێکی وای دروست کردووە کە دووبارە کۆچکردن لەگوندەوە بۆ ناوەندی سەنتەری ناحیەو قەزاو شارەکان دەست پێ بکاتەوە؛ لەمبارەیەوە هاووڵاتی بەختیار وەلید گوتی: من خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی سنوورەکەم لەبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکان گوندەکەمان بەجێ هێشتووە ئێستاکە گوندەکە بەتەواوی چۆڵ بووە. ئەمەو هاووڵاتیان لەکۆیە چەندین بواری دیکەی سەبارەت بە گرفتی تاپۆکردنی خانوو خراپی ڕێگاوبان و شەقامە سەرەکییەکان و نەبوونی پارکی ئۆتۆمبێل و باخچەو شوێنی یارییان ورووژاند .





**ڕەخنەو داواکاری خەڵك لە قەزای کۆیە بەرامبەر بە کەمی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانمان ئاراستەی (چاپوك عومەر) قایمقامی قەزای کۆیە کردەوە و ئەویش زۆر ڕاشکاوانە پەنجەی خستە سەر گرفت و کەموکوڕییەکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان.**

## چاپوک عومەر قایمقامی قەزای کۆیە بۆ (گوڵان):

# هاووڵاتیان مافی خۆیانە گلەیی لەکەموکوڕی کەرتی تەندروستی و ئاوی خواردنەوە بکەن

### جووت سایدی هەولێر- کۆیەو لۆفەکانی هەیبەت سوڵتان

سەبارەت بە کەوتنی پردی دێگەڵەو دروستکردنی جووت سایدی نێوان هەولێر - کۆیە و تەواونەبوونی لۆفەکانی هەیبەت سوڵتان قایمقامی قەزای کۆیە گوتی: پردی دێگەڵە لەسەرەتای مانگی ١١ی ٢٠١٢ تانکەرێکی نەوت خۆی پێدا کێشاو بەتەواوی تێکچوو (بەداخەوە شوفێری تانکەرەکە گیانی لە دەستدا)، دواتر لەماوەی ١٦ ڕۆژدا پردەکە بە شێوەیەکی کاتی و یەك سایدی چاککرایەوە، هەروەها جووت سایدی هەولێر – کۆیە کە تا ڕادەیەك دواکەوتووە، بەڵام بەشی یەکەم و دووەمی ئەو جووت سایدە لەژێر جێبەجێ کردندایە، بەشی سێیەمی ڕێگاکەش کە تا ڕێگای کۆیە – سلێمانییە و دەرخستەی بۆ کراوە و بەشی چوارەمیشی تۆنێلەکەیە، ئێمە وەکو پێویستییەکی سەرەکی بۆ هاتوچۆکردن لە سنوورەکەدا داواکارین بەشی چوارەمی پرۆژەکە پێش بەشی سێیەم بخرێت، چونکە هاتوچۆکردن بە ڕێگای کلکە سماقە و هەیبەت سوڵتان زۆر زەحمەتە و ڕووداوی هاتوچۆی زۆری لێ دەکەوێتەوە، هەروەها لۆفەکانی هەیبەت سوڵتان قیر کراون و هاتوچۆی پێدادەکرێت، بەڵام کاری زۆری تێدا ماوە بەتایبەتی ئەو لاو ئەو لای ڕێگاکە دەبێت دیواری بۆ بکرێت. هاوکات ڕووناك کردنەوەی لۆفەکانی هەیبەت سوڵتان تا چنارۆك خراوەتە بەرنامەو لەسەر بودجەی پەرەپێدان کارەکە ئەنجام دەدرێت.

**هاووڵاتیەکی کۆیە سەردانی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی قەزاکە تەنیا بەماندووبوون دادەنێ**

### کێشەی ئاوی خواردنەوە

ئەوەی پەیوەندیی بە کێشەی ئاوی خواردنەوەوە هەیە کە قایمقام پێی وابوو یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی قەزاکەیانە لەم ڕووەوە ئاماژەی بەو پرۆژەیە کرد کە ماوەی ١٠ ساڵە تەواو نەبووەو گوتی: ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵە پرۆژەیەك بە ناوی پرۆژەی ئاوی کلێسە دەستی پێکردووەو لەبەر چەندین هۆکار دواکەوتووە تا ماوەیەك لەمەوبەر توانرا ئاو لە ڕێگای ئەو پرۆژەیەوە بگاتە کۆگاکانی گلدانەوەی ئاو، بەڵام لەبەر نەبوون و دانەنانی بەردی سەر فلتەرەکان تا ئێستا نەتوانراوە ئاو بە گەڕەکەکان بدەین، پرۆژەی پێشووی کۆیە تەنیا بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی چوار گەڕەك بوو ئێستاکە ٢٨ گەڕەکە، لەلایەکی دیکەوە بەگشتی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی کۆیە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستە بە هاوکاریی پارێزگارو جێگری پارێزگاری هەولێر بەرنامەو پلانمان هەیە کە تۆڕەکان بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە زۆر پێویستن تازە و نۆژەن بکەینەوە.

### کێشەی کوژاندنەوەی زەوی

سەبارەت بە دروستکردنی ماستەرپلان و ئەو کێشە گرفتانەی لە ئەنجامی بەرفراوانبوونی سنووری شارەوانی دەکەوێتەوە قایمقامی قەزای کۆیە ئاماژەی بەوەکرد کە لە دروستکردنی ماستەرپلان بۆ کۆیە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەندین جار تێبینی و سەرنج و پێداچوونەوە لە لایەن دەزگاو فەرمانگە پێوەندارەکانی شارۆچکەکە ئەنجام دراوە، لە دواجاردا ماستەرپلانەکە پەسند کرا، ئێستاکە کار و ئیش و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەپێی ئەو ماستەرپلانە ئەنجام دەدەین، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی سنووری شارەوانی کێشەی کوژاندنەوەی زەویمان هەیە .

### کەموکوڕی نەخۆشخانەی کۆیە

هاووڵاتیان گلەییەکی زۆر لە کەرتی تەندروستی دەکەن لەم ڕووەوە قایمقامی کۆیە گوتی: لە ڕووی بینایەی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی زۆر باشین، بەڵام لەلایەنی ئامێرو پشکنین و پزیشکی پسپۆڕو شارەزاو پزیشکی ئافرەتان و لەدایکبوون و پسپۆڕایەتیی دیکە کەموکوڕی و کێشەمان هەیە، هاووڵاتیانیش بەتایبەتی لەمبارەوە گلەیی و داواکارییەکانیان ڕەوایەو مافی خۆشیانە، پێویستە پەلە بکەین لە چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕی و گرفتانەی بواری تەندروستی، هەروەها بینایەکی تازەی باش بۆ نەخۆشخانە دروستکراوە و بڕیارە نەخۆشخانەی شەهید خالید بگوازرێتەوە بۆ ئەو بینایە، بەڵام لەم نەخۆشخانەیشدا دەبێت ستاف و ئامێری تەواوی پێویست دابین بکرێت.

### گرفتەکانی کەرتی پەروەردە

سەبارەت بەکەرتی پەروەردەو خوێندنیش قایمقامی کۆیە ڕوونی کردەوە کە وەزیری پەروەردە زۆر هاوکاری کردووین و چەند بینایەکی قوتابخانمان بۆ دروست کراوە کە بەم کارانەوە سێ و چوار دەوامی لەقەزاکەمان نەماوە، بەڵام گرفتی دوو دەوامیمان هەر ماوەو ڕێژەی قوتابیان لە ناو قوتابخانەو پۆلەکاندا زۆرە، کەواتە هەر پێویستمان بە بینایەی

**گەرپێتو پرۆژەی ئاوی کلێسە تەواو نەبێت بۆ هاوینی ئەمساڵ کێشەی ئاوی خواردنەوە ئاڵۆزتر دەبێت**

## لۆفەکانی هەیبەت سوڵتان قیرتاو کراون، بەڵام کاری زۆریان تێدا ماوە بەتایبەتی ئەو لاو ئەو لای ڕێگاکە دەبێت دیواری بۆ بکرێت

دیکە هەیە بۆ ئەوەی کێشـــەی قەرەباڵغی پۆلەکان و نــاو قوتابخانەکان چارەســـەر بــکات. هەروەها سەبارەت بە خوێندنی باڵا قایمقامی کۆیە ئاماژەی بەزانکۆی کۆیە کرد کــە هەر چەندە تەمەنی زۆر نییە، بەڵام لە پێشـــکەوتن و گەشەکردنێکی باش و زۆر جواندایە، لـــەڕووی بینایەو هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگەکاندا لەسەر ئاســـتی عێراق و کوردستانە جوانترین و پێشکەوتووترین زانکۆیە .

### نزیکەی ٢٠٠ گوند تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ ڕاکێشراوە

لەســـاڵانی ڕابردوودا بارودۆخی کارەبا لە کۆیە زۆر خراپ بوو، بەڵام هەروەك قایمقامی کۆیە باسی کرد لە ساڵی ١٩٦٩ەوە تا ساڵی ٢٠١٠ لە ناو سەنتەری قەزاکە تەنیا ٣٧ محاویلە هەبوو، لە ساڵی ٢٠١٠ەوە تا ئێســـتاکە ٣٧٥ محاویلەمان بۆ باشتر گەیاندنی تەزووی کارەبا بە ماڵان داناوە و بەشێوەیەکی گشتی ئێســـتا کارەبامان زۆر باشـــە و لە هەموو گوندەکان کە نزیکەی ٢٠٠ گوندە کە پێش چوار ســـاڵ تەنیا ٨ تا ٩ گوند کارەبایان هەبوو ئێســـتا هەر هەموویان کارەبای نیشـــتمانیان بۆ چووە تەنیـــا ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت ئەویش ئــــەو گوندانەن کە ژمارەی خێزانەکانیان زۆر کەمە.

### کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك

کۆکردنەوە و خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاك بابەتێکی دیکەیـــە کە قایمقامی کۆیە ئامـــاژەی پێکرد لەم بارەوە گوتی: پاککردنەوەی ناو گەڕەك و سەنتەری قەزاکە لەلایەن کەرتی تایبەت بە ســـــتەمی تازەو باش ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەلایەنی ڕیســـایکلینەوە کەموکوڕیـــی هەیـــە و هۆکارێکـــی پیســـــبوونی ژینگەیە، ئەم کەموکوڕییـــەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمپانیایەی کە کاری پاککردنەوە لە کۆیە دەکات، چونکە بڕیاربوو هەر خۆی کارگەیەکی ریسایکلین و جیاککردنەوەی زبڵوخاشاك دابمەزرێنێت، هاوکات کەموکوڕیمان لە ئامێرەکاندا زۆرە.

### بەرنامەی قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان

ســـەبارەت بە خراپی هەندێ کۆڵان و شـــەقامی چەندین گەڕەك کە تا ئێستا شۆستەیان بۆ نەکراوەو قیرتاویش نەکراون، قایمقامی قەزای کۆیە ڕوونی کردەوە کە لەماوەی دوو ســـاڵی ڕابردوودا کۆڵان و شـــەقامەکانی ١٦ گەڕەکمان قیرتاو و کۆنکرێت کردووە و بوودجەیەکی زۆریشـــمان خەرجکردووە بۆ پرۆژەکانی ژێر زەوی بەتایبەتی بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆ، بەڵام ئێستاکەش ژمارەیەکی زۆر گەڕەك ماون کە کۆڵان و شەقامەکانیان شۆستەو قیرتاویان نییـــە و هەندێ لـــەو گەڕەکانە لەمبـــارەوە زۆر بێســـەروبەرو خراپن. هەر بۆیە بەرنامەو پلان هەیە بەپێی ئەو بودجانـــەی بۆمان تەرخان دەکرێت کار لەســـەر شۆستەو قیرتاوی ئەو گەڕەکانەش بکەین ئەویش پاش تەواو بوونی ئاوەڕۆیەکانیان.

### کۆمپانیاکانی نەوت هیچ پرۆژەیەکیان بۆ جێبەجێ نەکردووین

ئەوەی پەیوەندیی هەیە بەو نەوتەی لە ســـنوورەکە دەردەهێنرێت قایمقامی قەزای کۆیە باسی لەوەکرد کە تا ئێســـتا هیچ بڕە پارەیەکـــی نەوت بە ئێمە نەدراوە و کۆمپانیاکانی ئـــەم بوارەش هیچ جۆرە پرۆژەیەکیان بۆ سنوورەکە ئەنجام نەداوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش ساڵی ڕابردوو زیاتر لە دوو ملیار دینارمان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا لەو ڕێگا ناوخۆیەی ســـەنتەری قەزاکە خەرجکردووە کە بە هۆی هاتوچۆی تانکەرەکانی نەوتەوە تێکچووبوون . بۆ ئەوەی سوود لەو نەوتە وەربگرین و بڕە پارەیەك بۆ هەندێ پرۆژە تەرخان بکەن قســـەمان لەگەڵ

## بەهۆی گرفتی کوژانەوەی زەوی و زێدەڕۆیی و ڕۆتینی وەزارەتەکانەوە زۆر لە پرۆژەکانمان دواکەوتوون

وەزیری سامانە سروشـــتییەکان کردووە و بەڵێنیان پێداوین کە لەو نەوتەی لە ســـنوورەکە بەرهەم دێت و بە ناو ســـەنتەری شـــارۆچکەکە دادەڕوات بڕە پارەیەکمان پێ بدەن، لێرەدا داواکارین ئەگەر هیچ پارەیەك بۆ ســـنوورەکە تەرخـــان ناکەن، با لایەنی کەم بۆ هاتوچۆی تانکەرەکان ڕێگایەك لە دەرەوەی ســـەنتەری قەزاکە دروست بکەن، چونکە ئێستاکە مەترســـی و گلەیی زۆر لەلایەن خەڵکەکە هەیە لـــە هاتوچۆی ئەو تانکەرانە بەنـــاو کۆڵانەکانی قەزاکەدا هاتوچۆ دەکەن.

لەکۆتایی دا ســـەبارەت بە دەسەڵاتی کارگێڕیی و دارایی قایمقامی کۆیە وتی: تا ئێســـتا کەمترین دەسەڵاتی کارگێڕیمان هەیە و هیچ دەسەڵاتێکی داراییمان نییە، بۆیـــە ناتوانین بچوکترین هاوکاری پێشـــکەش بـــە خەڵك بکەیـــن، بـــۆ دابەزاندنی دەســـەڵاتی کارگێڕیی و دارایی قسەمان لەگەڵ ســـەرۆکایەتی حکومەت و لایەنی بەرپرس کردووە . ئەمـــەو قایمقامـــی کۆیە پـــارەی پەرەپێدانی پارێزگای بەباشـــترین بودجە لەقەڵەم داو سوپاسی هەریەك لەپارێزگاری هەولێرو جێگرەکەی کرد کە لەماوەی ڕابردوودا زۆر هاوکاریان بوونە و بەگوڕو جیدین بۆ زیاتر خزمەتکردن و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و گەشـــەکردنی شاری کۆیە، هەروەهـــا لەو کاتـــەی پارەی پەرەپێـــدان دەگاتە پارێـــزگا زۆر بەپەلـــەو بەخێرایەکی زۆر بودجەکە دابەش دەکەن و دەگەیەننە قایمقامییەت بۆ ئەوەی بە زووترین کات پڕۆژەکان دەست پێ بکات .

